**دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگە**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی(دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە(٣)ی ساڵی ٢٠١٠ و حوکمەکانی ماددەکانی (چل و یەکەم) و (چل و دووەم) و (چل و سێیەم) و (چل و پێنجەم) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:

## ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٢٣
## بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ئەو واتایانەی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییانە:

**یەکەم: دەستە**: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: سەرۆکی دەستە**: سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**سێیەم: دەسەڵاتی ژینگەیی**: واتە سەرۆکی دەستە یان ڕێپێدراوەکەی لە بەڕێوەبەرانی فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**چوارەم: بەڕێوەبەری پرۆژە**: هەرکەسێک بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی لە ئەستۆ دا بێت، ئینجا بەهەر سیفەتێک بێت.

**پێنجەم: یاساو ڕێنماییە ژینگەییەکان**: هەموو حوکمە یاساییەکانی تایبەت بە پاراستن و چاککردنی ژینگە، جا ئەگەر ئاسایی بێت یان لاوەکی وەکو پەیڕەو و ڕێنماییەکان.

**شەشەم: ڕەزامەندی ژینگەیی**: بەڵگەنامەیەکی فەرمییە دەسەڵاتی ژینگەیی دەریدەکات بەپێی ئەو بەلگەنامەیە ڕێگا بە ئەنجامدانی هەندێک چالاکی دیاریکراو دەدرێت.

**حەوتەم: سەرپێچیەکان**: واتە پابەند نەبوون بەمەرج و ڕێنماییە ژینگەییەکان یان پیسکردن یان شێواندنی ژینگە.

**هەشتەم: سەرپێچیکار**: هەر کەسێکە ببێتە هۆکار بەکردەوەی خۆی یان کەمتەرخەمی یان کردەوەی ئەو کەسانەی لەژێر سەرپەرشتی یان چاودێری یان کۆنترۆلی ئەودان، یان سەرپێچی یاساکان و پەیڕەو و ڕێنماییەکان بکات و زیان بە ژینگە بگەیێنێت.

**ماددەی (٢):ئامانج لەم ڕێنماییانە بریتییە لە:**

١- پابەندکردن بە ڕێنماییە ژینگەییەکان.

٢- چۆنیەتی بەرزەفتکردنی پرۆژەو چالاکیە سەرپێچیکارە ژینگەییەکان.

٣- کۆنترۆڵکردنی پیسکردن و شێواندنی ژینگەیی.

٤- سزادانی سەرپێچیکاران و قەرەبووکردنەوەی زیانە ژینگەییەکان.